خۆ کڕینەوە بەڵام یەکجار گران

هەتا ڕۆستەم سفەتمان قافڵەوانە        لە کاروانی  خەبات دا پاڵەوانە

قەڵای دوژمن کە بگرێ هەرغەوارە        بە حاکم دادەنێ وخۆی دەرکەوانە

دیارە هەموو بەسەرهاتی دڵتەزێنی کۆمەڵە دە پەیوەندی دەگەڵ پێکهاتەیەکی شووم ونەگبەتی وەك حیزبی کومونیستی ئێراندا دەزانن وبیستووتانە وپێویست بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە تاڵە نییە، بەڵام ئەوەی مەبەستی من لەو چەند دێڕە بێ ئەوەیە کە جار وبارلێر ولەوێ هێندێك نووسراوە ویا دەنگی تۆمارکراودەبینین ودەبیسین کە سرنج ڕاکێشن وجێی پرسیارکە  **(بۆ بڵاوکەرەوەکانی ئەو بابەتانە، هۆی شانازی دوێنێیان بۆتە جێی تریق بوونەوە وسەرداخستنی ئەوڕۆیان)** .ئەودەم کە خەمخۆران ویە پەرۆشان بۆ داهاتووی کۆمەڵە کە داهاتووی ڕاستەوخۆی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوە بەسترابۆوە هاواریان دەکرد کەئەی ڕێبەرانی کۆمەڵە ئەوبێچووە مارە ناردراوانە دە داوێنی کورددا گەورە مەکەن با لێمان نەبنە هەژدیها وهەڵمالووشن ،بەڵام بەداخەوە گوێیەکی بیسەر نەبوو کە گوێ لەوناڵە وکرۆزانەوەی ئەودلسۆزانە ویە پەرۆشانەی کورد وکوردستان بگرێ .دیتمان کە پاش بیست ساڵ لە گوورانی ئەوتۆ نەگبەتێك ،ئەوکۆمەڵە قورس وقایمە وخۆشەویستەی کورد چۆن شەق وپەق وشڕکرا و نەگبەتێکی دی بە ناوی حیزبی کومونیستی کرێکاری ئێرانی لێوەدی هات کە هەر نەك ڕێبەرانی فارسی ئەو ڕێکخراوە مافیاییە بە سەر کورد وکوردستان دا دەڕشێنەوە بەگرە تاقمێك لە ڕێبەرە کوردەکانیشی  بۆنە عەنتەری دەست لۆتی یە فارسەکان و لە کۆڕ وکۆبوونەوە مافیایەکانیاندا بە چەقەنە سەمای پێدەکەن و قسەی سووك و چرووك دەزارگووشراوی بە کورد ،پێی دەڵێنەوە جا لە جێیەك فاتیحی دایك کوردی باب فارس ئاوا لە سەر کورد وتایبەتمەندییە خۆشەویستەکانی کورد بدوێ  ولە جێیەك دەکۆڕ وکۆبوونەوەکان کە زیاتر لە پەنجا ،شێست پێشمەرگەی تێیاندا بەشدار دەبوو بە بۆنەی بوونی فارسێکەوە دەو کۆبوونەوانەدا ڕێبەرانی کۆمەڵە بە فارسی دەدوان هەر سەبارەت بەوەیکە دەنکە فارسێکمان دەنێودا بوو،بۆ لۆمەی ( حمید تقوی ) دەکەن .لێ یەکی وەك (حمید تقوی) ڕێژەی ڕێزدانانی ڕێبەرانی کۆمەڵەیان بۆ میللەتی کورد ومافەڕەواکەی  هاتبووە دەستی کە ئەوڕۆ ئاوابوێرانە وبێ سڵە دەکۆڕ وکۆبوونەوە کانیانداکە بە داخەوەبەشدارانی هەر هەمووشیان کوردن، نەك هەر لە سەر داب ونەریتی ڕەسەنی کوردی بگرە تەنانەت لەبە گەپ گرتنی شەڕەف وحەیسییەتی تاکە کەسی ونەتەوایەتی کوردیش خۆ ناپارێزن

.تەنیا من یەك ڕستە لەو شریتە بە کوردی هەڵدەگێڕمەوە بۆ ئەو کوردانەی  باشووری کوردستان کە بە زمانی فارسی زۆر شارەزا نین و بوونە ئەندام حیزبی کومونیستی عیراق کە ئەویش هەر نەگبەتێکە وەك حیزبی کومونیستی کرێکاری ئێران کە دەڵێ ؛

(درسنندج امروز هر کس بخواهد دختر بازی کند باید فارسی حرف بزند وشلوار جین بپا کند)

ئەوەش دەقی کوردی ڕستەکەیە کە دەفەرموێ؛

**(ئەوڕۆلە شاری سنە هەر کەس بیهەوێ کچ بازی بکا دەبێ فارسی قسە بکا و شەڵواری لی دەپێدابێ)**

کورت وکرمانجی  وکاکڵکراو مەبەستی ئەوەیە هەر کەس ویستی لە سنە( کوردستان ) دەگەڵ ژنان دەست تێکەڵ بکا دەبێ فارسی قسە بکا واتە ژنە کورد ئاوا شێت وماخولیای دەست تێکەڵ کردن دەگەڵ فارسانن  جاوەرن گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان  (**خۆتان ئەو بیر وباوەڕەی ئەو کومونیستە ناب وبێ غەل وغەشە فارسە لێکبدەنەوە و لۆمە وسەرکۆنەی ئەو کەسانەش بکەن و قامکی ئەو سووکایەتی بیە بە ژن وکچە کوردشیان دەچاوی بنێن وپێیان بڵێن کە شەرمی دایك وژن وخوشکی شەهیدانی کورد بتاگرێ کە  ئەوتۆ دۆستێکتان ن بۆ گەلی کورددۆزێوە** . ئێوەش کوردی باشوورکە ئەندامی حیزبی کومونیستی کرێکاری عیراقن دەبێ چاوەڕوانی ئەوتۆ دۆستایەتی ڕێبەرانی حیزبەکەتان بن جا ڕەنگبێ ئەوتۆ دیاری یەك بۆ ئێوە بە **عەڕەبی** بێ . جا پێموایە ئەوانەی کوردن ویە قەرایی نووکی دەرزی شەرەفی کوردایەتیان پێماوە وئەندامی حیزبی کومونیستی کرێکاری وغەیری کرێکاری ئێرانن و سووکایەتی بە ژن و دایك وخوشکی کوردیان پێ شەرمە ، پاش بڵاویوونەوی ئەو شریتەی ( حمید تقوی) کە سایتی برووسکە دایناوە دەبێ ئەندام بوونی خۆیان دەو حیزبەدا پێ شوورەیی بێ وئەو حیزبەی هەر بە سەروچاوی هی وەك فاتیحی شێخەلئیسلامی دابدەنەوە و پێی بڵێن کەهەر لە بەژن وباڵای خۆت پیرۆز بێ **(ماڵی قەڵب هەر سەر بە خاوەنێ تی )** .

خەمین  ٣-١٢-٢٠٠٤